حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن

Kurdistan Regional Government

Ministry of Transportation & Communications


# ڕێنماییەکانی پۆستە
# لە هەرێمی کوردستان

# پێشەکی

پۆستە هەر لە دێر زەمانەوە رۆڵێکی کاریگەری لە ژیانی گەلاندا گێڕاوە ، بە پێ ی سەرچاوە مێژووییەکان . سۆمەریەکان یەکەم شارستانیەت بوون پۆستەیان داهێنا کە لە قۆناغی یەکەمدا تەنها بۆ پادشاو میرەکان بەکار دەهات.

لەبەر گرنگی ئەم بوارە لەساڵی ( ١٨٧٤ ) یەکیەتی پۆستەی جیهانی دامەزرا ( واتە پێش دروست بوونی عصبە الامم ) عێراق لە ساڵی ( ١٩٢٩ ) بووە ئەندام لە یەکیەتی پۆستەی جیهانی.

پۆستە توانیویەتی خۆی نوێ بکاتەوە و سوود لە تەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرێت و خزمەتگوزاری نوێ پێش کەشی هاولاتیان و کۆمەڵگا بکات و لە ولاتانی پێشکەوتوو بووەتە بەشێک لە ژیانی تاک و کۆمەڵ.

ئەمڕۆ ئامێری جیاکردنەوەی ئۆتۆماتیکی ( أجهزة الفرز الالي ) و بەدواداچوونی نێردراوە پۆستەیەکان و سیستەمی بەیەکەوە بەستنی نووسینگەکانی پۆستە و پۆست کۆد لە کاروباری پۆستە دا بەکاردەهێنرێت کە بۆتە مایەی بەرەو پێشچوونی ئەم بوارە گرنگە هیواداریین دەرکردنی ئەم رێنماییانە ببێتە مایەیی تەکانێکی گرنگ بۆ هەڵسانەوەی بواری پۆستە لە هەرێمی کوردستاندا.

## پێناسەکان

١- یەکیەتی پۆستەی جیهانی (upu) :-

ڕێکخراوێکی جیهانیە و سەربە نەتەوەیەکگرتووەکانە لە بواری پۆستەدا ، پۆستە لە نێوان ولاَتانی جیهان ڕێکدەخات و بەبەردەوامی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی بۆ گشت پۆستەی ولاَتانی جیهانی دەردەکات و هەموو ولاَتانیش دەبێت پابەندی ڕێنماییەکانی یەکیەتی پۆستەی جیهانی بن و چوار ساڵ جارێك کۆنگرە دەبەستێت و کاروچالاکیەکانی بە هەڵبژاردن ڕێك دەخاتەوە و بارەگای لە ( بێرن )ی ولاَتی سویسرایە .

٢- سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێو دەوڵەتی هەولێر:-

ئەرکی نێردراوی پۆستە ( ارسالیە ) لە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو ولاَتانی جیهان دەنێرێتە دەرەوە و بە بڕیاری ( منشور ) ژمارە ( ٩٨ ) لە ٢٠٠٨/٣/٢١ لە یەکیەتی پۆستەی جیهانی دامەزراوە و کۆدی ( IQEBLA ) بۆ تەرخانکراوە.

٣- نووسینگەی پۆستە :-

دامەزراوەیەکی خزمەت گوزاری پۆستەیە کە لە سنووریکی دیاری کراو وە بە پێ ی ژمارەی دانیشتوان و شوێنی جوگرافی دادەمەزرێنێت کە دەتوانرێت لەلایەن حکومەت یان کەرتی تایبەت بەڕێوەدەچێت .

٤- پوولی پۆستە :-

بەڵگەیەکی چاپکراوی بەهادارە ( وثیقة ذات قیمە ) بەکاردەهێنرێت بۆ ئاڵ و گۆری پۆستە بە پێ ی تەعریفەی پۆستەیی .

٥- تەعریفەی کرێی پۆستە ( تعرفة الاجور البریدیە ):-

ئەو تەعریفەیە کە وەزارەت دەریدەکات بە پێ ی جۆری خزمەت گوزارییەکانی پۆستە کە بەهاکەی لە خاوەن نێردراو وەردەگیرێت .

٦- جۆرەکانی پۆستە :

أ/ نامە بریتیە لە کاغەزێکی نووسراو لە زەرفێکی تایبەتی داخراودا بە مەبەستی ناردن وە بە کێشی دیاریکراو لەنێوان ( ١- ٢٠٠٠ گرام ) .

ب/ کارتی بۆنە :-

بریتیە لە کارتێك کە لە بۆنەکان بە کار دەهێنرێت بەبێ بەکارهێنانی زەرف یان زەرفی دانەخراو کە نرخەکەی نیوەی بەهای ناردنی نامەیە.

ج/ ڕەزمە ( پاکێتی بچووک ) :-

لە شێوەی پاکەتێکی بچووکدایە و کەل و پەلی تێدا دادەنرێت بە تایبەتی بەهادار ، بە مەرجێك کێشی لە ( ٢ ) کگرام زیاتر نەبێت و ڕسمی گومرگی لێوەرناگیرێت .

د/ پێچراو ( طرود ) :-

نێردراوەیەکە ، کێشی لە نێوان ( ٢- ٢٠ کگرام ) دەبێت کەل و پەلەکانی بە پێی ڕێنمایی پۆستەی نێو دەوڵەتی و حکومەتی هەرێم ڕێگا پێدرابێت ڕەزامەندی فەرمانگەی گومرگ و بەخشتەی تایبەتی نێو دەوڵەتی ڕەوانە دەکرێت .

هـ/ چاپەمەنیەکان :-

بریتیە لە ڕۆژنامەو گۆڤار و پەرتوك و ڕیکلامەکان کە لە نێوان دام و دەزگاکان و کۆمپانیاکان و کەسەکان ئاڵ و گۆڕ دەکرێت .

و/ سندوقی پۆستە :-

ئەو سندوقەیە کە لە نووسینگەکانی پۆستە دادەنرێت بە شێوەی کابینە ( کۆمەڵ ) هەر سندوقەی کۆد و ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە و بە کرێی ساڵانە دەدرێتە هاووڵاتی و دام و دەزگاکان و کۆمپانیاکان بە مەبەستی بە کارهێنانی لە ئاڵ و گۆڕی پۆستەیان .

س/ سندوقی نامە :-

ئەو سندوقەیە کە لە شەقامە گشتیەکان و شوێنە تایبەتیەکان دادەنرێت تاوەکو هاووڵاتیان سوودی لێوەربگرن بە دانانی نامەکانیان لە ڕیگای ئەم سندوقانە وە فەرمانبەری پۆستە ڕۆژانە دەیکاتەوە وە گەیاندنی فەرمانبەری پۆستە بۆ شوێنی مەبەست .

ک/ پاشەکەوتی پۆستە (التوفیر) :-

بوارێکی گرنگی کاروباری پۆستەیە کە هاووڵاتیان دەتوانن پارەی خۆیان لە نووسینگەکانی پۆستە بە پێی ڕێنمایەکانی ئەم بوارە دابنێن کە بە سوودی هاوبەش دەگەڕێتەوە .

وەزارەت بە پێی یاسای پۆستە بۆی هەیە پارەی پاشەکەوت وەبەرهێنی تێدا بکات . وە هەردەم سوودی پارەکان بە ڕێژەی (٢٪) کەمتر لە سوودی بانکی حکومی دەدرێتە هاووڵاتیانی خاوەن دەفتەری پاشەکەوت وە بە پێ ی یاسای پاشەکەوتی عێراقی لە دەسەڵاتی وەزارەتدایە وەبەرهێنی تێدا بکات . هەروەها هاووڵاتی بۆی هەیە سوودی پاشەکەوت وەرنەگرێت .

## ماددەی یەکەم

### ڕێنمایی مۆڵەتی خزمەتگوزاری پۆستەیی کەرتی تایبەت

بڕگەی (١) :-

ئەم ڕێنماییە بە (ڕێنمایی مۆڵەتی خزمەتگوزاری پۆستەیی کەرتی تایبەت) ناودەبرێت و دوای پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی ، لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

بڕگەی (٢) :-

أ – ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەم مانایانە دەگەیەنێت کە بەرامبەریان تۆمارکراون:-

پۆستە :- پۆستەی هەرێمی کوردستان.

کۆمپانیا:- کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە لە بواری پۆستە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن .

نووسینگە:- نووسینگەکانی کەرتی تایبەت کە لە بواری پۆستە لە سنووری پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان کاردەکەن بۆ ناردنە دەرەوە و هێنانە ناوەوەی نێردراوە پۆستەییەکان.

مۆڵەت:- ئەو مۆڵەتەی لە وەزارەت دەردەچێت بۆ کۆمپانیا و نووسینگەکانی کەرتی تایبەتی بواری پۆستە.

ب – ڕەچاوی پێناسەکانی یاسا دەکرێت لەهەر شوێنێک دەقێک لەو پەیڕەوە هاتبێت هەروەها دەستوری عێراقی فیدراڵ .

برگەی ( ٣ ) :-

وەزارەت لە مۆڵەتدانی پابەند دەبێت و سیاسەتی گشتی بواری پۆستە لە هەرێمدا پەیڕەو دەکات.

برگەی ( ٤ ) :-

أ – مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیاکان :-

١- پێشکەش کردنی داواکاری بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت .

٢- پێشکەش کردنی زانیاری تەواو سەبارەت بە شوێن و قەبارەی کۆمپانیاکەی بەمەبەستی پەسەند کردنی لەلایەن لیژنەی تایبەتی وەزارەت .

٣- دەبێت کۆمپانیا ( ناوخۆیی بێت یان بیانی ) تۆمار کرابێت بە پێ ی ئەحکامی یاسای کۆمپانیاکانی پەیڕەو کراو لە هەرێمی کوردستان لەبواری پۆستەدا .

٤- نابێت هیچ کەس لە دەمەزرێنەرانی کۆمپانیا وەیا بەڕێوبەرەکانی حوکم درابن یان بدرێن بە تاوانی کەتن یان ( جینایات مخلە بالشرف ) وەیا حوکمی مایە پووچی ( افلاس ) ئەگەر اعتباریان بۆ نەگەڕابێتەوە .

ب – مەرجەکانی داواکاری مۆڵەت بۆ نووسینگەکان :-

١- دەبێت رەزامەندی ئەو پارێزگایە بێنێت کە نووسینگەکە لەو سنوورە کار دەکات.

٢- شووێنی نووسینگە پەسەند کراو بێت لەلایەن لیژنەی تایبەتی وەزارەت.

برگەی ( ٥ ) :-

أ- ئەگەر بەڵگەنامەی داواکاری مۆڵەت کە لە ماددەی ( ٤ ) هاتووە کەم و کورتی تێدابێت ، دەبێت ئاگاداری داواکار بکرێتەوە بە مەبەستی تەواوکردنی لە ماوەیەکی دیاریکراودا .

ب - ئەگەر بەڵگەنامەکان هیچ کەم و کورتی تێدانەبوو ئەوا لە لایەن بەڕێز وەزیر وەڵامی داواکاریەکە بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوەی دەدرێتەوە ، وە لە حاڵەتی ڕەتکردنەوە ، خاوەن داواکاری ئاگادار دەکرێتەوە ، وەمافی داواکارە لە ماوەی ( ١٥ ) ڕۆژ أعتراض پێشکەش بە بەڕێز وەزیر بکات لە ڕۆژی داواکارییەکەی .

برگەی ( ٦ ) :-

مۆڵەتەکە ئەم بەڵگانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :-

١- ناوی خاوەن مۆڵەت و ناونیشانی.

٢- مێژووی دەرچوونی مۆڵەت و ماوەی کارپێکردنی .

٣- جۆری چالاکیەکان و سنووری کارکردنی.

٤- هەر زانیاریەکی تر کە پێویست بێت تۆمار بکرێت.

برگەی ( ٧ ) :-

أ - مۆڵەتەکان بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن :-

١- مۆڵەتی سەرتاسەری هەرێم:- کۆمپانیا بۆی هەیە لەهەر شوێنێك لەناو هەرێم لقەکانی بکاتەوە.

٢- مۆڵەتی پارێزگا:- خاوەنەکەی بۆی هەیە تەنها لە سنووری یەك پارێزگا کاربکات و لقەکانی بکاتەوە.

ب – وەزارەت بۆی هەیە مۆڵەتەکان لەسەر داوای خاوەن مۆڵەت لە حاڵەتی ( ۱ أ ) بگۆڕێت بۆ حاڵەتی ( ۲ أ ) وە بە پێچەوانەوە.

بڕگەی ( ٨ ) :-

دەبێت خاوەن مۆڵەت بەم خاڵانەی خوارەوە پابەند بێت :-

أ – دەبێت پابەند بێت بەو ڕێنماییانەی کە لە پۆستە دەردەچێت لە بوارەکانی ئاسایش و تەندروستی لە گواستنەوەی کەل و پەلەکان.

ب – پێویستە ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکەن لە ئاستی پێویستیەکان بێت بە پێ ی ستانداردی جیهانی .

ج – چاپکردن و ئێدانی هێماکانی پۆستەیی تایبەت کە دەیگوزانەوە یان دابەشی دەکەن.

د – گەیاندنی هەموو هەناردەکان بۆ ئەدرێسی نێردراو کە لەسەری تۆمارکراوە، هەروەها گەڕاندنەوەی بۆ خاوەنەکەی ئەگەر گەیاندنی ئاستەم بوو بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت .

ه – پارێزگاری کردن لە نهێنی زانیاریەکانی پەیوەست بە سوودمەند و تایبەتمەندی نێردراوەکانی پۆستەیی بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبێت بە پێ ی یاسا .

و – دەرکردنی بڵاوکراوەی زانیاری سوودمەندان بۆ جۆری خزمەتگوزارییەکانی کە پێشکەشی دەکەن هەروەها ئاستی خزمەتگوزارییەکان.

ز- ئاگادارکردنەوەی وەزارەت لە ماوەی (۳۰ ) ڕۆژ بە هەر گۆڕانکاریەک لە زانیاریەکانی هاتوو لە داواکاری مۆڵەت هەروەها هەر گۆڕانکاریەک لە هێمای پۆستەیی تایبەت و وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت.

برگەی (٩) :-

ئەگەر بەکاربەری پۆستەی تایبەت هەر سەرپێچیەك لە ئەحکامی یاسای پۆستەی عێراقی و ئەو ڕێنماییانە ودیا هەر مەرجێك لە مەرجەکانی مۆڵەتەکە وەیا بەڵێنی دەستی (تعهد خطي) کە لە لایەن خۆیەوە واژوو کرابێت بکات ، ئەوا ئاگادار دەکرێتەوە کە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ ئەو سەرپێچیانە نەهێڵێت، وە ئەگەر سەرپێچیەکانی لانەبرد ئەوا پۆستە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێز وەزیر مۆڵەتەکەی ڕادەگرێت تاوەکو سەرپێچیەکانی وەلا دەنێت.

برگەی (١٠) :-

أ – فەرمانگەی پۆستە ( دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێز وەزیر ) دەبێت مۆڵەتی پێدراو هەڵ بوەشێندرێتەوە (الغاء) لەم حاڵەتانەی خوارەوە :-

١- ئەگەر ڕاگرتنی مۆڵەت بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ دووبارە بووەوە وەیان (٦٠) ڕۆژی پچڕپچڕ لە ماوەی ساڵێکدا.

٢- ئەگەر لەکاتی ڕاگرتنی مۆڵەت بەردەوام بوو لە گواستنەوەی نێردراوی پۆستەیی.

٣- ئەگەر گواستنەوە و دابەشکردنی نێردراوی پۆستەیی ڕابگرێت لەبەر هەر هۆیەك بێت تەنانەت ئیفلاس و یەکلایی کردنەوەی (تصفیه) کۆمپانیاش بێت .

٤- ئەگەر ڕوون بێتەوە هەر مەرجێك لە مەرجەکانی مۆڵەت لەدەست بدات و هەڵنەستێت بە ڕاستکردنەوەی بارودۆخەکە لە ماوەی یەك مانگ لە ڕێکەوتی لە دەستدانی مەرجەکە .

٥- ئەگەر خاوەن مۆڵەت ماوەی سێ مانگ دوای بەسەر چوونی مۆڵەتەکەی داواکاری نوێکردنەوە پێشکەش نەکات.

٦- لەسەر داواکاری خۆی ( بەکاربەر )

ب – بەکاربەری پۆستەیی تایبەت کە مۆڵەتی لێبسەندرێتەوە، بۆی نییە داوای مۆڵەتی نوێ بکات پێش تێپەڕبوونی ساڵێك لە لێسەندنەوەی مۆڵەتی.

برگەی ( ١١ ) :-

خاوەن مۆڵەت بۆی هەیە اعتراض پێشکەش بە بەڕێز وەزیر بکات لە کاتی راگرتن یان هەڵوەشاندنەوەی مۆلەتەکەی.

برگەی ( ١٢ ) :

بە مەبەستی تەواوکردنی گەیاندنی نێردراوە پۆستەییەکان کە لە ئەستۆی بەکاربەردایە، خاوەن مۆڵەت پابەند دەبێت بە بڕیاری پۆستە بەبەردەوامبوونی لەکارکردن بۆ ماوەی دوو حەفتە بە مەبەستی کۆتایی هێنان لە گەیاندنی گشت نێردراوە پۆستەییەکان کە لە ئەستۆیدایە و لەسەر ئەرکی خۆی جێبەجێی دەکات.

برگەی (١٣) :

١- أ- مۆڵەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکان (٥) ساڵەو لە ڕۆژی دەرچوونی دەژمێردرێت وە دوای کۆتایی هاتنی بە ڕەزامەندی هەردوو لایەن نوێ دەکرێتەوە .

ب- مۆڵەتی کارکردن بۆ نووسینگەکان (٢) ساڵەو لە ڕۆژی دەرچوونی دەژمێردرێت وە دوای کۆتایی هاتنی بە ڕەزامەندی هەردوو لایەن نوێ دەکرێتەوە .

٢- خاوەن مۆڵەت بۆی نیە مۆڵەتەکەی یان بەشێك لە مۆڵەتەکەی بیدات یان بیبەخشێتە لایەنێکی تر بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت .

٣- خاوەن مۆڵەتەکان بەرپرسیار دەبن ئەگەر دەربکەوێت لە نێوان خۆیان ڕێککەوتن لەسەر نرخی خزمەت گوزارییەکان ، لێپێچینەوەیان بە پێ ی یاسا لەگەڵ دەکرێت .

برگەی (١٤) :

أ- دەبێت خاوەن مۆڵەت ڕاپۆرتی تایبەتی وەرزی بە پێ ی ئەم زانیارانەی خوارەوە پێشکەش بە وەزارەت بکات و ڕاپۆرتەکەش ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت :

١- کورتەیەك لەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی کردووە .

٢- کۆی ژمارەی ئاڵوگۆڕی پۆستەیی کە هەڵساوە بە گواستنەوە و دابەشکردنی و کێشی و سەرچاوەکەی، هەروەها پۆلێن بکرێت و بە پێی شار و وولات لە هەناردەکردن و هاوردەکردندا و بەشێوەی مانگانە.

ب- دەبێت پۆستە ڕەچاوی بلاونەکردنەوەی زانیارییەکانی مۆڵەت پێدراو بکات ، ئەگەر بەکاربەر بە نووسراو ئەم داواکارییە پێشکەش بکات .

برگەی ( ١٥ ) :

أ- هەر ئاگادارکردنەوەیەك لە وەزارەت بۆ مۆڵەت پێدراو دەربچێت دەبێت لە ڕێگای ئەو ناونیشانەی کە خاوەن مۆڵەت تۆماری دەکات جێبەجێ بکرێت هەروەها دەکرێت بدرێتە کەسی دەسەلات پێدراو بە مەرجێك واژووی لێوەربگیرێت .

ب- ئاگادارکردنەوە لە ڕێگای پۆستەی تۆمارکراو ، لە ڕێکەوتی وەرگرتنی لە لایەن خاوەن مۆڵەت وە یان ( ١٠ ) ڕۆژ دوای ناردنی ئاگادارکردنەوە دەژمێردرێت ، بەلام ئەگەر لە ڕێگای فاکس و پۆستی ئەلکترۆنی و بەدەست ناردن بوو ، ئەوا ڕۆژی ناردن یان وەرگرتن بە دەست ئاگادار دەکرێتەوە.

برگەی ( ١٦ ) :

أ- ڕسوماتی تایبەت بە مۆڵەتی کۆمپانیا و نووسینگەکان بەم شێوەی خوارەوە بێت :-

١- أ- ڕەسمی پێدانی مۆڵەتی کۆمپانیا ( ٢٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیۆن دینار .

ب- ڕەسمی پێدانی مۆڵەتی نووسینگە ( ٥٠٠٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار .

٢- أ- ڕەسمی پێدانی ساڵانە بۆ کۆمپانیا ( ٧٥٠٠٠٠ ) حەفت سەد پە نجا هەزار دینار

ب- ڕەسمی پێدانی ساڵانە بۆ نووسینگە ( ٢٠٠٠٠٠ ) دوو سەد هەزار دینار .

برگەی ( ١٧ ) :

أ- پۆستە لەسەر رۆشنایی ئەو رێنماییانە روونکردنەوەی پێویست دەردەکات بە مەبەستی جێبەجێکردنی رێنماییەکان و بنەمای کارکردن و سکاڵای پەیوەست بەو خزمەتگوزاریانەیی کە بەکاربەری پۆستە پێشکەشی دەکات .

ب- ئەو رێنماییانە کە پەسەند دەکرێت ، لە ماڵپەری وەزارەت بڵاو دەکرێتەوە ، هەروەها وێنەیەکی دەدرێتە کۆمپانیا و نووسینگەکانی بواری پۆستە .

ج- هەر رێنماییەکی نوێ بۆ بواری پۆستە لەداهاتوودا دەربچێت دەبێت کۆمپانیا و نووسینگەکانی پۆستە پابەندی جێبەجێکردنی بن .

د- هەر فەرمان و رێنماییەک لەحکومەتی هەرێم دەربچێت دەربارەی قەدەغەکردنی ناردنی پۆستە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو یان قەدەغەکردنی کەلوپەلێکی دیاریکراو دەبێت کۆمپانیاو نووسینگەکان پابەندی جێبەجێکردنی بن .

هـ- بەمەبەستی بەدواداچوون و ئاگاداربوون لەنیشوکاری کۆمپانیاو نووسینگەکان وەزارەت لیژنەیەکی تایبەت پێک دەهێنرێت .

و- کۆمپانیا و نووسینگە بۆیان نیە پۆستە لەناوخۆیی هەرێم ئاڵوگۆر بکەن .

ی- هەر نێردراوێکی پۆستەیی بە ئەدرێسی کۆمپانیا و نووسینگەکان لە رێگای پۆستەی حکومەت بۆیان بێت دەبێت دابەشی بکەن .

## ماددەی دووەم

## (( ڕێنمایی مۆڵەت دانی بریکاری پۆستەی ئەهلی ))

١. لە ناو شار

أ/ لە هەر گەڕەکێك ژمارە دانیشتوانی لە ( ٢٠٠٠ ) دوو هەزار کەس کەمتر نەبێت .

ب/ نیو کیلۆ مەتر لە نووسینگە دووربێت .
دوورییەکەی لە نووسینگەی [illegible] کەمتر نەبێت

ج/ شوێنەکەی گونجاو بێت هەروەها لە گوند و کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ بوونیش .

د/ لە بازارە گەورەکان و مۆڵەکان .

٢- لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگاکان .

أ/ لە هەر قەزاو ناحیە و کۆمەڵگایەك ئەگەر نووسینگەی پۆستەی تێدا نەبێت مۆڵەت بە بریکاری پۆستەی ئەهلی دەدرێت .

ب/ لە کاتی هەبوونی نووسینگەی پۆستە ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی لە ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار کەس زیاتر بوو مۆڵەتی پێ دەدرێت .

ج/ لە شوێنە گشتیاریەکان .

٣-ڕێژەی ( ٢٠٪ ) لە داهاتی فرۆشی پوولی پۆستەی کوردستان بۆ بریکاری پۆستەی ئەهلی سەرف دەکرێت .

٤- پێدانی ( نماذج ) نموونەکانی پۆستە و مۆر و صندوقی نامە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆستە هەروەها ئەگەر شوێنەکەی گونجاو بوو بەڕێوەبەرایەتی پۆستە صندوقی پۆستەی بۆ دابین دەکات .

٥- خاوەن مۆڵەت دەبێت پوولەکان بە نرخی رەسمی بفرۆشێت وە لە حالەتی سەرپێچی کردنی بڕی ( ٥٠٠٠٠ ) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێك سزا دەدرێت .

٦- بەڕێوەبەرایەتی پۆستە فەرمانبەرێك وەك ئەندامی پەیوەندی ( عضو ارتباط ) لەگەڵ بریکار دەست نیشان دەکات ، و راپۆرتی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی لە کار و چالاکی یەکانی بریکار بەرز دەکتەوە .

٧- بەڕێوەبەری پۆستە بۆی هەیە خۆی یان هەر فەرمانبەرێك راسپێرێ بە مەبەستی سەردانی کردنی بریکاری مۆڵەت پێدراو بە مەبەشتی پشکنین .

٨- پێویستە بریکاری پۆستەی ئەهلی پابەند بێت بە هەر رێنمایەك لە داهاتوودا لە وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی پۆستە دەردەچێت .

٩- بڕی ( ٢٥٠٠٠٠ ) دوو سەد پەنجا هەزار دینار وەك بارمتە ( تامینات ) وەردەگیرێت لە داواکاری بریکاری پۆستە .

١٠- وەرگرتنی گشت پۆستەیەکی ناوەخۆ و دەرەوە ( نامە – رەزمە – پێچراو – چاپەمەنی ) لە هاوولاتیان و کۆمپانیاکان وە پێویستە رۆژانە نێردراو پۆستەکان بگەیێنێتە نزکترین نووسینگەی پۆستە لە سنوری خۆی .

١١- هەر پۆستەیەك بە ئەدرێسی بریکار بێت ، ئەرکی بریکارە دابەشی بکات .

## ماددەی سیٚ یەم

## ڕێنمایی کار کردن لە نووسینگەکانی پۆستە

**وەرگرتنی نامەی تۆمار لە نووسینگەی پۆستە :**

١. ئامادە کردنی زەرفی نامە و سەلامەتی ناوەرۆکی

٢. پاك و خاوێن بێت و شوێنەواری بۆیە و شریتی لاصقەی لە سەر نەبێت وە بە پێنوسی سوور و ڕساسی نەنوسرێت .

٢. ناونیشانی نێردەر و وەرگر بە ڕێکی لە سەری بنوسرێت وە لە شوێنی دیاریکراو و هیچ نوسراوێکی تری لە سەر نەبێت .

٤. پاش کێش کردنی پۆستەکە پوولی پێویستی لیٚ دەدرێت وە وێنەیەك لە نموونەی ( ٨٧ ) پیٚ دەدریٚ بە پیٚ ی کرێی پۆستەی هەرێمی کوردستان .

٥. داخلی نموونەی ( ١٢٢ ) دەکریٚ سجل ( خلاصە سجلات ) وە ڕەوان دەکریٚ بە نموونەی ( ٨٦ ) بۆ نووسینگەکان دوایی بە نموونەی ( ٨٢ ) خاوەنەکەی وەریدەگرێت بە واژوو .

٦. لە سەر نموونەی ( ٨٦ ) مۆر و واژووی فەرمانبەری نێردەر هەبێت وە لە کاتی گەیشتنی بۆ نووسینگە وەرگر ناو و واژوو و مۆر لە سەر نموونەی ( ٨٦ ) دەکرێت .

## ناردنی پۆستە بۆ نووسینگەکانی شار و شارۆچکەکان :

١. ناردنی پۆستە بە پێ ی سیاسەتی داڕێژراو لە بەڕێوەبەرایەتی پۆستەی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت وەك هەفتەی چەند جار ئاڵ و گۆڕ بکرێت ؟

٢. ناردنی پۆستە بۆ دەرەوەی هەرێم بە پێ ی ڕێکەوتن و ڕەزامەندی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی پۆستەی هەرێم دیاری دەکرێت کە هەفتەی چەند جار بێت ؟

٣. لە کاتی ناردنی کیسی دەبێت بە تێلی تایبەت ببەسترێت و مۆری ئەو ڕۆژەی لێبدرێت وە خشتەی ( ٨٥-٨٦ ) لەگەڵ پۆستەکە ڕەوانە بکرێت .

٤. لە کاتی گەیشتنی کیسی پۆستە نموونەی ( ٨٤ ) بە مۆر و واژۆو وەردەگیرێ.

٥. لە کاتی کردنەوەی کیسەکە جیا دەکرێتەوە وەك ( پێچراوی بچووك و گەورە وە نامەی تۆمار و چاپەمەنیەکان و پۆستەی ئاسایی ) وە دەبێت هەموو پۆستەیەك مۆر بکرێ بەو ڕۆژەی کە هاتووە وە بە هەمان ڕۆژ لە ناو شار دابەش بکرێت و بۆ ڕۆژی دوایی ڕەوانەی نووسینگەکان بکرێت .

## تێبینیەکان

١. پێویستە ڕەزامەندی وەربگرێت لە بەر کارهێنانی پوولی هەرێم بۆ پۆستەکانی دەرەوە لە بەر ئەوەی ئێمە ئەم پوولانە بە کار دەهێنین هەرچەندە بەغدا ڕازی نیە لە سەر ئەم پوولانە .

٢. پێویستە نووسینگەکانی پۆستە بۆ سێ جۆر پۆلێن بکرێت وەك لە خوارەوە دا هاتووە ( أ - ب - ج )

أ / هەڵدەستێت بە گشت خزمەتگوزاریەکانی پۆستە و پاشەکەوت و پێچراوی گەورە .

ب/ هەموو کارەکان دەکات بە پێچراویشەوە ئەگەر گومرگ لەو ناوچەیە هەبوو .

ج/ شارۆچکە بچووکەکان دەگرێتەوە کە مافی ناردنی پێچراویان نیە لە بەر نەبوونی گومرگ .

٣- هەر پێچراو و زەرفێك كە گومانی لە سەر بێت یان لەزگەی گومرگی لە سەر نەبێت بە لیژنە دەكرێتەوە لە پێش چاوی وەرگر لە بەر دڵنیایی كەل و پەلی قەدەغەكراو هەروەها كەل و پەلی بازرگانی .

٤-هەموو فەرمانبەرێكی پەیوەندیدار بە پۆستە ئاڵ و گۆڕ كردن پێویستە ناوی سیانی و مۆر و واژۆوی لە سەر نموونەكان هەبێت .

٥- لە كاتی وون بوونی هەر پۆستەیەك وەزارەت ڕەزامەندی لە سەر دانەوەی نرخی پوولەكان بە نێرەر دەدات .

## ماددەی چوارەم

## ڕێنمایی نامەی تۆمار

## (( الرسالة المسجله ))

**نامەی تۆماری دەرچوو**

**١- مەرجەکانی وەرگرتنی نامەی تۆمار**

**أ- پاك و خاوێنی نامەکە بپارێزرێت...**

**ب- نابێت ئەدرێس نووسین بە پێنووسی سووربێت...**

**ج- بەرگی نامەکە بە صمغ و بە تیپ داخرابێت...**

**د- نووسینی ئەدرێس ناوی تەواوی نێردەر وەرگر لەسەر بێت...**

**٢- بە پێ ی پێناسە نرخی پوڵ وەردەگیرێت پولەکان مۆر دەکرێت بە مۆری نووسینگە بە بەرواری هەمان ڕۆژ کە ڕەوانە دەکرێت.**

**٣- پێویستە نموونەی ( ٨٢ ) پربکرێتەوە وەکو ناوی ناردراو وەرگر و ئەدرێس بە کورتی بنوسرێت وە پارەکە دیار بکرێت و وێنەی یەکەم بدرێت بە ناردەر ( المرسل ) پاش مۆری نووسینگە بە هەمان ڕۆژ واژووی لێپرسراوی نووسینگە .**

**٤- پێویستە ژمارەی نموونەی ( ٨٧ ) بخرێتە سەر نامەکە بەم شێوەیە ( وەکو / ٢٥R / حاجی تۆمەران )**

**٥- لەکاتی ناردن پێویستە نموونەی ( ٨٦ ) بەکاربێت کە ژمارەی نامەکە بخرێتە سەر ئەم نموونەیەوە پاشان کۆ دەکرێتەوە و بە نووسین دەنووسرێت یەك نامە وە مۆر دەکرێت لەگەڵ**

واژووی لێپرسراوی نووسینگە وە ئەم نموونەیە بە دوو وێنە رێک دەخرێت وێنەی یەکەم لەگەڵ نامەکە رەوانە دەکرێت .

٦- پێویستە ئەم ژمارەیە لە ناو پەراوگەی تۆمار بنوسرێت نمونەی (١٢٣) (خلاصە المسجلات) کە هاتووە وە دەرچوو وەکو یەک بێت وە واژووی لێپسراوی نووسینگەی لەسەر بێت.

٧- وێنەی دووەم هەڵ دەگیرێت.

أ- ژمارەی تۆمار و ناونیشان بە ( E ) دەنووسرێت.

ب- نابێت لەسێ رۆژ زیاتر بمێنێتەوە .

ج- بۆ پارێزگاکانی عێراق و دەرەوەی هەرێم پوولی عێرقی بەکاردێت وە ژمارەی تۆمار بە دەست بنووسرێت.

نامەی تۆماری هاتوو/-

١- لەکاتی کردنەوەی کیسی پۆستە هاتوو خشتەی نامەی تۆمار دیار دەکرێت پێویستە راستەوخۆ وردەکاری بکرێت وەکو ژمارەی نامەکان و ژمارەی تۆمار لەگەڵ نووسراو لەسەر خشتەکە وە پاش تەواو بوون پێویستە خشتەی تۆمار مۆر بکرێت لەگەڵ واژووی لێپسراوی نووسینگە بە بەرواری هاتوو وە هەروەها پێویستە هەموو نامەکان مۆر بکرێت بە مۆری نووسینگە وە بە بەرواری رۆژی هاتوو.

٢- پێویستە راستەوخۆ نموونەی (٨٢) پێ بکرێت بە نووسینی ناوی وە ئەدرێسی وەرگر و ژمارەی تۆمار و مۆری نووسینگە بە هەمان رۆژی هاتوو بۆ هەر نامەیەکی تۆمار.

٢- پێویستە هەموو نامەکانی تۆمار لە پەراوگەی تۆمار تۆمار بکرێت کە هاتوو وە دەرچوو لە نمونەی (١٢٣) (خلاصه المسجلات) بە هەمان رۆژ وە لە کاتی پێدانی ئەم نامانە پێویستە دابەشکەر واژووی بکات لە پەراوگەی بەرامبەر ژمارەی ئەم نامانەی کە دەی با بۆ دابەش کردن.

٤- لەکاتی دابەش کردنی نامەی تۆمار پێویستە واژووی وەرگر لەسەر نموونەی (٨٢) بکرێت پاش دڵنیا بوون وەرگر خاوەنی نامەکەیە وە ئەگەر بۆ فەرمانگەی حکومی بێت یاخود بۆ کۆمپانیا بێت پێویستە مۆری ئەم شوێنانە لەگەڵ واژووی وەرگر لەسەر نموونەی (٨٢) بێت لەگەڵ واژووی دابەش کەر لەسەر هەموو ئەم نامانەی تۆمار کە دابەش کراوە.

٥- لە کۆتاییدا ئەرکی لێپرسراوی نووسینگەیە هەڵ بستێت بە هەڵ گرتنی (٨٦) کە نامەکانی تۆماری پێ هاتبوو لەگەڵ نموونەی (٨٢) پاش دڵنیابوون کە واژووی وەرگر و مۆری فەرمانگە لەسەر ئەم نموونەیە هەیە وە واژووی دابەش کەر و دڵنیابوونی لە کۆی نامەکانە لەگەڵ نموونەی (٨٢) کە دابەش کراوە یەکسان بێت وە ئامادە بکرێت بۆ پشکنین.

٦- بۆ ماوەی شەش مانگ نموونەی (٨٦/٨٥/٨٤/٨٢) هەڵبگیرێت و بپارێزرێت (احتفاظ) بکرێت.

## ماددەی پێنجەم

رێنمایی ئەرك و فەرمانی جمو جۆڵی پۆستە

**ئەرکەکانی سەرەکی هۆبەی جموجۆڵی پۆستە**

١- لیژنەیەك پێك دێت لە ( ٣ ) فەرمانبەر بۆ وەرگرتنی کیسی هاتوو وە دەبێت هەرسێکیان ئامادە بن بۆ وەرگرتن.

٢- یەکسان بوونی ژمارەی لیبلی کیس ارسالیەکان و خشتەی ریگا لە کاتی هەر هەڵەیەك یان دراندن یان تێك چوون لیژنەکە کۆنوس ئامادە دەکات بۆ دیاری کردنی هەڵەکە .

٣-هەموو کیسەکان دەژمێردرێ وە یەکسان دەکرێ لەگەڵ خشتەی هاتووە وە جیا دەکرێتەوە بۆ هۆبەکانی پەیوەندیدار و لیژنەکە هەڵدەستێت بە ورگرتنی کیسەکانی هاتووە بە پێ ی هەڵەوە تۆمار دەکرێت لە تۆمار تایبەت .

**کردنەوەی ( ارسالیە ) هاتووەکان**

١- لێپرسراوی هۆبە هاتووەکان وەردەگرێ وەکو پۆستەی ئاسایی بە پێ ی خشتەی وەرگرتن و دان

٢- کردنەوەی کیسەکان لە سەر مێزێکی تایبەت دەبێت وە هەموو پۆستەکان مۆر دەکرێ و بە رۆژی هاتوو جیا دەکرێتەوە وەکو ( نامەی ئاسایی / چاپەمەنیەکان / کەل و پەلە بە نرخ ) .

٣- فەرمانبەرێکی شارەزا هەڵدەستێت بە جیا کردنەوەی پۆستەی هاتوو بە پێ ی ناونیشانەکان وە لێپرسراوی جمو جۆڵ هەڵدەستێت بە پشکنین بۆ سەلامەتی ناونیشانەکان .

٤- پۆستەچییەکان هەڵدەستن بە بردانی پۆستەکان بە پێ ی خشتەی وەرگرتن و دان وە ئەدیاگەیەنێتە جێگای خۆی .

٥- پاش وەرگرتنی نامە تۆمارەکان نموونەی ( ٨٦ ) واژووی فەرمانبەرێکی لە سەر بێت وە ناوی تەواوی خۆی بنوسێت .

٦- هەموو نامە تۆمار کراوەکانی هاتوو ژمارەکانیان لە ( خلاصە مسجلات ) دەنوسرێت وە جیا دەکرێتەوە بە پێ ی ناونیشانی دیاری کراو .

٧- یەکسان کردنی نامەکانی تۆماری هاتوو دەرچوو ( خلاصە مسجلات ) و ئامار مانگانەی پێ دەکرێت و هەموو خشتەکانی هاتوو دەرچوو هەڵدەگرێت .

## وەرگرتنی پۆستەی هاتوو ( فرۆکەخانە – کاروباری پۆستە

١- ئەو پۆستانەی بە ( CN38 ) لەگەڵ خشتەی پۆستەی هاتوو وەردەگرێ .

٢- پشکنینی دەرەوەی کیسەکان وەکو ( لیبل شێوەی کیس – بەستانی ملی کیس ) لەگەڵ ژمارەی کیسەکان لەگەڵ یەکسانی کێشەکان .

٣- ئەگەر هەر گیرو گرفتێک لە کیسەکان هەبێت کۆنووسی پێ دەکرێ وە استعلامی وولاتەکەی پێ دەکرێت وە بە مەبەستی روون کردنەوەی هەڵەکان .

٤- رێکخستن بە پێ ی خشتە دەبێت و بە دوو وێنە هۆبەی پەیوەندیدار وەکو ( پێچراو – نامە – پێچراوی بچووک – پۆستەی خێرا – کیسی بەتال ) .

٥- هەموو هاتووەکان تۆمار دەکرێ لە سجل ( زانیاری ) .

٦- ڕێکخستنی ئاماری مانگانە بۆ هۆبەی ( ئامار ) .

٧- دڵنیا بوون و گرینگیدان بە وەرگرتنی پۆستەکە لە ناو هۆبەکان بە ناوی فەرمانبەر و واژوو و مۆری هەمان ڕۆژ .

**هۆبەی پێچراوی بچووک**

١- وەرگرتنی پێچراو لە هۆبەی کردنەوەی نێودەوڵەتی بە خشتەی ئامادە کراو پاش پشکنینی کێش و مۆر کردنی هەروەها واژووی بەو ڕۆژەی کە هاتووە ئەگەر هەر هەڵەیەک ڕوویدا نووسراوێک دەکرێت بە دیاری کردنی هەڵەکە .

٢- جیا دەکرێتەوە بە پێی ناونیشان ڕەوانە دەکرێت بۆ وەرگر .

٣- خشتەی ( ٨٦ ) بە دوو وێنە پڕ دەکرێتەوە وەکو ژمارەی ارسالیە و ژمارەی کەل و پەل و ناونیشان و کێش و هەر هەڵەیەک ڕوویدا ( شهادە تحقیق ) پێ دەکرێت وە مۆر و واژووی پێ دەکرێت وە نابێت دەستکاری لە نووسینەکانی خشتەکان بکرێت بە ڕەش کردنەوە و چاک کردنەوەی .

٤- هەڵگرتن و پاراستنی ئەو نموونەیە بۆ کاتی وەرگرتن و لێکۆڵینەوە .

**هۆبەی کردنەوەی پێچراوی ئاسمانی هاتوو**

١- وەرگرتنی پۆستەی ئاسمانی لە نووسینگەی پۆستەی فڕۆکەخانە پاش وورد بینی کردنی پۆستەکانی هاتوو وەکو سەلامەتی کیس و کێشەکەی و بەستانی .

٢- یەکسان بوونی ناونیشان لەگەڵ خشتەی هاتووە وە پشکنینی بە ( XRAY )

٣- كردنەوەی كیس بە ئامادەبوونی لیژنەی هۆبەكانی پەیوەندیدار ( پێچراو – تۆمار – چاپەمەنیەكان ) وە باشترە ئەگەر بەرپرسی نووسینگە ئامادەبێت یان لێپرسراوی جمو جۆڵ.

٤- جیاكردنەوەی ناوەرۆكی ئەم كیسانە بە گوێرەی ( پێچراو – نامەكان – چاپەمەنیەكان – وە نامەی تۆمارەكان ) مۆر بكرێت بە رۆژی هاتوو.

لەكاتی هەرهەڵەیەك هەڵەكە دیاری دەكرێت بە لیژنە بۆ دەستنیشانكردنی جۆرەكان ( ناوخۆ – دەرەوە ) وە وەرگرتنی پێچراوی بچووك لەیەكەی كردنەوەی كیس و تۆماربكرێت لە سجلێكی تایبەت.

هۆبەی تۆماری ئاسمانی هاتوو/-

١- وەرگرتنی لە هۆبەی نێودەوڵەتی بەخشتەی ئامادەكراو پاش پشكنین كێشی وە مۆركردنی واژووی بەو رۆژەی كە هاتووە.

٢- رێكخستنی سجلی تایبەت بە ارسالیاتی هاتوو + ژمارەی ارسالیەوە بەرواری هاتوو وە چەسپاندنی بەرگ و كیس .

٣- مۆركردنی پۆستەی هاتوو لەگەڵ تۆمارەكانی هاتوو لە خلاصە مسجلات هەمان رۆژ تۆمار بكرێت .

قەدەغەکراوەکان/-

ئەوکەلوپەلانەی کە قەدەغەکراون بە پێ ی برگەی ( ١٥ ) وە ( ٢٢٥ ) لە یاسای پۆستەی عێراقی ژمارە ( ٩٧ )ی سالی ( ١٩٧٣ ) هەموارکراو.

١- ئەو کەل و پەلانەی کە دا پۆشراوە و گومانی لێ دەکرێت پێویستە بکرێتەوە ئەوەك ترسناك بێت وەیان ببێتە هۆی تێکدانی پێچراوی تر.

٢- کەل و پەلی هۆشبەر و ژەهر وە حەرام کراوەکان بە پێ ی ڕێنمایی.

٣- مادە تیشکەکان و ئەوانەی دەتەقێتەوە و دەسوتێت .

٤- کەل و پەلی شلەمەنی پێویستە بە چاکی لەناو شووشە دابندرێت و بپارێزرێت.

٥- گیانلەبەری زیندوو جگە لەمێش هەنگوین و ( دودە القز ) کرمی ئاوریشم .

٦- پیلاتین و زێر و شمەکی بەنرخ و شوێنەوار و پارە.

٧- هەر کالایەك کە دەوڵەت قەدەغەی دەکات.

## ماددەی شەشەم

## ئەرك و فەرمانی سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەوڵەتی هەولێر

١- سەنتەر هەڵدەستێت بە وەرگرتنی نێردراوە پۆستەییەکانی پارێزگاکانی هەرێم هەریەك بەجیا.

٢- دەبێت لیژنەی کردنەوەی نێردراوەکان دروست بکرێت بەمەبەستی کردنەوەی نێردراوی پارێزگاکان و وردبینی کردنی کەل و پەلەکان لەگەڵ تۆماری خشتەکان.

٣- لیژنەی ئاماژە پێکراو لە برگەی (٢) هەڵدەستێت بە کێشانەوەی رەزمە و پێچراوەکان و بەراورد کردنی لەگەڵ زانیارییەکانی تۆمارکراو و تێبینی کردنی نرخەکان لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی تایبەتە بەنێردراوەکە.

٤- دەبێت دیکلێرەکان بدرێتە هۆیەی پێچراوی ئاسمانی دەرچوو (CN23) بە پێ ی ژمارەی پێچراوە دەرچووەکان.

٥- دیکلێرەکان بە پێ ی لایەنی ناردراو جیا دەکرێتەوە وڵات بە وڵات.

٦- ئامادەکردنی خشتەی نێودەوڵەتی وڵات بە وڵات وە لەکۆتایی خشتە کێشی گشتی تۆمار دەکرێت.

٧- پێچراوەکان لەناو کیسەی پۆستەی نێودەوڵەتی دادەنرێت کیسەکە بە لیبلی تایبەت دەبەسترێت (لیبلی زەرد بۆ پێچراو و لیبلی سوور بۆ رەزمە)

٨- خشتەیەکی تایبەت بە نێردراوەکان بۆ نووسینگەی پۆستەی فرۆکەخانەوە کۆمپانیایی گواستنەوە بۆ دەرەوەی وڵات ئامادە دەکرێت و ژمارەو کێشی نێردراوەکان تێیدا تۆمار دەکرێت.

# ماددەی حەوتەم

## لیستی پێناسەی کرێی پۆستە

### یەکەم : - کرێی پۆستەی ناوخۆ

| جۆری پۆستە | یەکەی کێش بە گرام | کرێ بە دینار | بەرزترین کێش |
|---|---|---|---|
| نامە : الرسائل ) | تا ١٠ گم<br>هەر ١٠ گم زیادە | 500<br>٢٥٠ | ٢کگم |
| تۆمار و دابەش کردنی سالیانە و مۆڵەت و بەڵگەنامەی رەسمی و چاپەمەنی تۆمار کراو | ......... | بە پێی رێکەوتن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار | |
| کارتی پۆنە و یادەکان ) البگاقات البریدیە : | ......... | ٢٥٠ | |
| چاپەمەنی بازرگانی بە هەموو جۆرەکانی چاپەمەنی ریکلام و رۆژنامە و گۆڤارەکان | لە هەر ١٠٠ گم | ٥٠٠ | ٧ کگم |
| پێچراوی بچووک ( رزمە صغیرە ) | هەر ١٠٠ گم | ٥٠٠ | ١کگم |
| پێچراوی پۆلەتە ) گرود بریدیە ) | )کگم )ی یەکەم بۆ هەر ٢٥٠ گم | ٢٥٠٠<br>٥٠٠ | ٢٠کگم |
| پۆستەی خێرا | ...... | ٧٥٠ | |
| کرێی ساڵانەی سندوقی پۆستە | ...... | ١٢٠٠٠ | |

### دووەم : - کرێی تایبەت بە پۆستەی ناوخۆ .

| زنجیرە | جۆری کرێ | نرخی پۆستە بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | کرێی تۆمارکراوی پۆستە ( اجرە التسجیل ) | ٥٠٠ |

### کرێی تایبەت بە پۆستەی دەرەوە .

| زنجیرە | جۆری کرێ/ نامە | نرخی پۆستە بە دینار |
|---|---|---|
| ١ | پێدانی پێچراو بە هاووڵاتیان لە رێگای پە تجەرەی پۆستەوە | ٥٠٠ |
| ٢ | داواکاری گەرانەوە و گۆرینی ناونیشان | ٢٠٠٠ |
| ٣ | بە دست گەیشتنی کیس ( گونیە ) چاپەمەنی نێردراو بۆ یەك نێردراو | ٢٠٠٠ |

## کرێی پۆستەی دەرەوە

| جۆر | کێش | کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | کۆمەڵەی سێ یەم | بەرزترین کێش |
|---|---|---|---|---|---|
| نامە | 1تا ١٠ گم<br>بۆ هەر ١٠گم<br>زیادە | 750دینار<br>٥٠٠ دینار | 1000دینار<br>٧٥٠ دینار | 1250دینار<br>١٠٠٠ دینار | ٢کگم |
| کارتی پۆستە | ...... | ٥٠٠ دینار | ٥٠٠ دینار | ٧٥٠ دینار | ...... |
| چاپەمەنی | لە هەر ١٠٠گم<br>١کگم | 800دینار<br>٨٠٠٠ دینار | 1000دینار<br>١٠٠٠٠ دینار | 1200دینار<br>١٢٠٠٠ دینار | ٥ کگم |
| پێچراوی بچووک | لە هەر ١٠٠گم<br>١کگم | 800دینار<br>٨٠٠٠ دینار | 1000دینار<br>١٠٠٠٠ دینار | 12000دینار<br>١٢٠٠٠ دینار | ٢ کگم |
| پێچراوی پۆستە | یەك کگم لە<br>هەر ٢٥٠گم | 8000دینار<br>٢٠٠٠ دینار | 10000دینار<br>٢٥٠٠ دینار | 12000دینار<br>٣٠٠٠ دینار | 20کگم پارەی کرێی تۆمار کردنی گومرگی زیادە لە سەر ئەم پارەیە |

•کۆمەڵەی یەکەم / وولاتانی عەرەبی

•کۆمەڵەی دووەم / وولاتانی ئەوروپا و ئەفریقیا و ئاسیا جگە لە رۆژهەلاتی دوور.

•کۆمەڵەی سێ یەم / هەردوو کیشوەری ئەمەریکا و ئوسترالیا و نیوزلندا و هەردوو کۆریا ، ڤلیپین ، چین و هەموو وولاتانی تر .

((مەرجەکانی مۆڵەتدانی بریکاری پۆستەی ئەهلی))

١-لەناو شار

أ/ هەر زۆنێک ژمارەی دانیشتوانی لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەمتر نەبێت.

ب/ بە لایەنی کەم (٥٠٠)م لە نووسینگەی پۆستە دووربێت.

ج/ پێویستە نووسینگە لەسەر شەقامی سەرەکی و گونجاو بێت هەروەها لە گوند و کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ بوونیش بەهەمان شێوە.

د/ لە بازارە گەورەکان و مۆڵەکان.

٢-لە قەزا و ناحیە و کۆمەڵگەکان

أ/ لە هەر قەزا و ناحیەو کۆمەڵگایەک ئەگەر نووسینگەی پۆستەی تێدا نەبێت مۆڵەت بە بریکاری پۆستەی ئەهلی ئەدرێت.

ب/ لە کاتی هەبوونی نووسینگەی پۆستە (ئەوەی لە برگەی - أ - هاتووە) ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار کەس زیاتر بوو مۆڵەتی پێ ئەدرێت.

ج/ لە شوێنە گەشتیاریەکان

٣- ڕێژەی ٥% لە فرۆشی پوولی پۆستەی کوردستان بۆ بریکار دەبێت.

٤-پێدانی (نماذج) نموونەکانی پۆستە و مۆر و صندوقی نامە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆستە.

٥- پێویستە ڕۆژانە نێردراوە پۆستەییەکان بگەیێنرێتە نزیکترین نووسینگەی پۆستە لە سنووری خۆی.

٦- خاوەن مۆڵەت دەبێت پوولەکان بە نرخی ڕەسمی و بەپێی پێناسەی کرێی پۆستەیی هەرێم بفرۆشێت وە لە حالەتی سەرپێچی کردنەبڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر حالەتێک سزا ئەدرێت.

٧- بەڕێوەبەرایەتی پۆستە فەرمانبەرێک وەک ئەندامی پەیوەندی (عضو ارتباط) لەگەڵ بریکار دەست نیشان دەکات، و ڕاپۆرتی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی لە کار و چالاکیەکانی بریکار بەرز بکرێتەوە.

٨- بەڕێوەبەری پۆستە بۆی هەیە خۆی یان هەر فەرمانبەرێک ڕاسپێرێ بە مەبەستی سەردانی کردنی بریکاری مۆڵەت پێدراو، بە مەبەستی پشکنین و بەدواداچوون.

٩- پێویستە بریکاری پۆستەی ئەهلی پابەند بێت بە هەر ڕێنماییەک کە لە داهاتوودا لە وەزارەت دەردەچێت.

١٠- بڕی (٥٠٠٠٠٠)پێنج سەد هەزار دینار وەک دڵنیا بوون (تأمینات) وەردەگیرێت لە داواکاری بریکاری پۆستە.

١١- [illegible] ٢ [illegible] نوێ بکرێتەوە